# سەردانی گۆڕی بارزانی

# لە نێوان وەفا و بەرژەوەندیدا

راپۆرتی شێروان شێروانی - سۆران



● پارتییەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بەرەو بارزان دەچن‌و لەوێ پەیامی خۆیان بۆ بارزانیی سەرۆکیان دووپاتدەکەنەوە، ئەم سەردانە بووەتە دیاردەیەك، دەبێت قسەی لەسەر بکرێت.

ئومێد خالید، کە خوێندکاری زانکۆیە، دەڵێت: "کابرایەك لە چەمچەماڵەوە بە پێ دەڕوات بۆ سەر گۆڕی بارزانی، بەراستی ئەمە ئەوپەڕی دواکەوتووییە، یاخود کابرایەك لە هەولێرەوە دەچێت بەرەو هاتنەوەی مام جەلال تەنها لەبەرئەوەی خۆی پیشانبدات، ئەمە دواکەوتووییە، بۆیە دەکرێت ئێمە کابرایەکی نەتەوەییمان خۆشبوێت، بەڵام نەگاتە ئاستی پەرستن، راستە بارزانی خاوەنی چەند سیفاتێکی باش بوو، بەڵام دەبێت ئەم سیفاتانە رەنگدانەوەی هەبێت بەسەر سەرکردەکانی ئێستاوە، خالید دەڵێت "هەندێك لەوانە بۆ ماستاو دەچن، یاخود بۆ خۆدەرخستن لەسەر تەلەفزیۆن‌و چاوی کامێرا، بەڕاستی بارزانی بمایە، ئەم شتانەی قبوڵنەدەکرد، کە ئەم هەموو پشووانەشی بەناوەوەیە، کۆلێژو دەزگاکان دادەخرێن، پێموایە ئەمانە زەرەر لە کێشەی کورد دەدات، بۆیە دەبێت میللەتی کورد بەخۆیدا بچێتەوەو ئەم شتە بێکەڵکانە قبوڵنەکات".

شوان سادق کە خوێندکاری زانکۆی دهۆکە، بەم جۆرە لە بابەتەکە دەڕوانێت "ئەگەر بەشێوەیەکی روون قسەبکەم بۆ سێ مەبەست خەڵکی روودەکەنە گۆڕی بارزانی، مەبەستی یەکەم؛ زۆربەی گەنجان‌و رەنگە چینی تریش ئیستیغلالی ئەم بۆنەیە بکەن بۆ رابواردن، مەبەستی دووەم؛ هەندێك کەس بۆ مەرامی پەرستن دەچن‌و دەڵێن بۆ ئێمە لە حەج پیرۆزترە، تەنانەت لە راگەیاندنەکانیشەوە ئەم قسانەم بیستووە، ئەمەش کارێکی هەڵەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەوەش بڵێین کە سەرکردەیەکی نەتەوەیی کوردەو ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ بەدیدەکرێت، زۆرینەی ئەو بەدەستیهێناوە، لەبەرئەوە شتێکی ئاساییە کە ئەم بۆنەیە یادبکرێتەوە، بەڵام دەبێت یادبکرێتەوە نەك فەرزبکرێت بەسەر خەڵکدا. مەبەستی سێیەمیش؛ خەڵکانێکیش هەن بۆ

بەرزکردنــەوەی هەســتی نەتەوایــەتیو بــیری کوردایەتی روودەکەنە ئەویّ".

ئـــــــاسۆ خەلیل کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، لەمبارەیــەوە پــەیڤی خــۆی هــەبوو، وتــی: "ســەردانی گــۆڕی نــەمران ئێســتا بووەتــە دیاردەیەك کە خەڵکی نازانێت بە چ ئامانجێـك سەردانی گۆڕەکاتو چـەندین کـەس لـەژێر پەردەی شاراوەوە سـەردانیدەکەنو یـاخود بـۆ خۆدەرخستنو مەرامی شەخسیو دەکرێت لــە روانگــەی پەرستنیشــەوە قســە لەســەر ئــەم دیاردەیە بکرێت، سەردانی گۆڕی مردووەکـان یان مردووپەرستن لە رۆژهەڵاتو کۆمـەڵگای خۆشمان وەك بەشێك لێی، بووەتـە دیاردەیـەك، خـەڵك پەیرەویـدەکات، بووەتـە بەشـێك لــە کولتـووری کـوردەواریو هەنـدێك کەسـیش هەیە دەیەوێت دەزگای حکومی، یاخود حزبـی لە خۆی رازیی بکات، وەکو جۆرێك لە ترسی لێهـاتووە، لــە رووی سیمبولیشــەوە، بـارزانی خەباتگێرێکی کورد بـووەو لــە ژیـانی خۆیـدا قوربانییەکی زۆری داوە کە نکوڵی لێناکرێت، تەنانەت مێژوویەکی پڕ سەروەری تۆمارکردووە بۆ نەوەکانی ئاییندەی، بەڵام ناکرێت بە سیمبولی کوردایەتی بناسرێتو رەنگە ئەمە لە روانگەی حزبێکی دیـاریکراوەوە، یـاخود لــە تێڕوانینــی چەند کەسێکەوە، جۆرێـك بێـت لــە راسـتی، بەڵام دەتوانم بڵێم شۆڕشگێرێك بووەو لە پێناو ئازادکردنی گەلی کورددا جەنگاوەو بـەرگریی لە مافی کورد کردووە".

بەختیار محەمەد-یـش لەمبارەیـەوە وتـی: "ئـەو کەسـانەی دەچـنە سـەردانی گـۆڕی بـارزانی، پۆلێنیان دەکـەم بـە سێ بەشـەوە، بەشـێکیان ئەوانەن کە لە ناو حزبدان، بێگومان (پـارتی)، دەیانەوێت بچنە پێشەوە یان پۆستێکیان هەیـەو دەیانــەوێت لــەم رێگایــەوە پارێزگــاریی لــە پۆستەکەیان بکەن، بەشـێکی تریـان هەیـە ئـەم دەڤـەرەی نـەبینیوەو ئـەم دەڤـەرەش خۆشـەو شـوێنێکی گەشـتوگوزارییەو کاتەکـەش کـاتی بەهارە، دەیانـەوێت وەکـو سـەفەرە، رابـوێرنو رەنگە زۆر کەسیش بۆ گۆڕ نەچێتو بۆ خـۆی لــە سوچـێکدا دابنیشـێت. بەشـێکی تریشـیان ئەوانەن مەبدەئیان نییـە، بـە شـوێن خەڵکەکـە دەکــەون. وەکــو ســەردانەکە، مــن پێمباشــە ئەوانەی وەکو وەفایەك سەردانیدەکەن، بارزانی کە ئەو هەموو دروشمانەی هەڵیدابوو، با ئەوان بەرجەسـتەیبکەن، ئەمــە باشــترین وەفایــە بــۆ بارزانیو بەباشیشی نازانم بەمشـێوەیە سـەردانی بکەن".

یوسـف بالنــد، کــە گــەنجێکی ناوچــەکەیە، بەشـێوەیەکی جیـاتر وەڵامــی داینــەوەو وتــی: "گـۆڕی بـارزانی، نـەك تـەنها بـۆ رابـواردنو پەرستن بەکاردێت، بەڵکو بووەتە مەڵبەنـدێکی بازرگـــانی لای هەنـــدێك کـــەس، لــــە تەلەفزیۆنیشــــەوە چــــەندینجار دەبیــــنین هونەرمەنــدێك یــان شــاعیرێك لـــە دەرەوە دەگەڕێتــەوە، یەکــەمجار دەسـکێکی گـوڵ بـە دیـاری دەبـاتو دوو فرمێسـکی درۆ بەسـەر گۆڕەکــــــــــەدا دەرژێنێــــــــــت، بــــۆ ئــــــەوەی پـــــارە وەبگرێـــــتو لــــــە شـــــیراتۆن میـــــوانی بکرێـــــت، بەهەمانشـــــێوەش گـــــۆڕی شــــەهیدانی هەڵەبجـەش بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکاردێت، ئەمــەش دڵسـوزییەوە نییــە، بــەڵکو تــەنها بـۆ بەرژەوەندییە".

